# لاپتۆپێکی وردیله



حەزدەکەی لاپتۆپەکەت بەقەد مۆبایلەکەت بێت و بۆ هەموو شوێنێك لە گیرفانتی بخەی و لەوکاتەی پێویستت پێی بێ بەکاری بێنی، بۆ ئەمە دەتوانی سوود لە لاپتۆپی جۆری GPD Win وەربگرە، کە هەندێك لە مۆبایلێك گەورەترە، کۆمپیوتەرێکی کە ویندۆز ١٠ی لەسەرە و کۆنسۆلی یاری لە گیرفانتان..

لاپتۆپێك کە هەموو ئەرکەکانی کۆمپیوتەری پێ ئەنجام دەدەی کیبۆرد و ماوسیشی و هەم ئامێرێکی گەیم کە بۆ یارییە قورسەکانیش گرفتت بۆ نایەنەتە پێش.

شاشەکەی ٥,٥ ئینجە تەواو لەمسیە، پرۆسیسەرەکەی لە جۆری پرۆسیسەری مایکرۆسۆفت سرڤێس ٣یە. هەتا شەش کاتژمێریش شەحنی دانابەزێت.

## کامێرایەکی وەرزشی

کۆداپتەر واتە ئەو فڕۆکە بچووکانەی کە تایبەتن بە ئەرکی فیلم هەڵگرتنەوە، جۆر و قەبارە و کاراییان زۆرە، هەتا ئێستا کۆداپتەرەکان ئەوانەی بەرهەم هاتوون کامێرایەك یان چەند کامێرایەکیان بۆ داندراوە، بەڵام کامێرای «Pitta» یەکەم کامێرایە کە ببێتە کۆداپتەر، واتە لە حاڵەتی ئاساییدا دەکرێت وەك کامێرایەکی وەرزشی ئەکشن سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام دەشکرێت وەك کۆداپتەرێکیش بۆ شوێنی پێویست سوودی لێوەربگری.. لەکاتی ئاساییدا وەك تۆپێك دەچێت کە دەکرێت لە شوێن دابندرێ یان لەسەر داشبۆردی




## بەبێ هێڵی ئینتەرنێت

ڕەنگە ئەو مانشێتەی سەرەوە سەرسامت بکات کە چۆن دەکرێ بەبێ ئەوەی هیچ هێڵێکی ئینتەرنێت هەبێ لەگەڵ دۆستان و هاوڕێیانت چات و گفتوگۆ بکەی! بەڵێ دەکرێت بەهۆی پرۆگرامی فایرچات (Fire Chat)ەوە بە ئاسانی دەکرێت چات بکەی.. ئەم پرۆگرامە لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ سیستەمی iOS بەرهەم هات، دواتر بۆ سیستەمی ئەندرۆیدیش بەکارهات.. پرۆگرامەکە لەلایەن کۆمپانیای Open Garden بەرهەم هاتووە. پرۆگرامەکە لە ڕێگای بلوتوس یا وای فایەوە کار دەکات.. ئێستا پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە باشە مەودای وای-فای و بلوتوس زۆر کەمە.. کەوایە چۆن دەکرێت لەگەڵ کەسێك کە مەوداکەی دوورترە پەیوەندی دابمەزرێنی، ئەگەر کەسێك ٧٠ مەتر لە تۆ دووتر بوو، بەڵام یەکێکی دیکە ئەو پرۆگرامەی هەبوو لە نێوان ئێوەدا ئەوە پەیوەندییەکە لەلایەن ئەوەوە دروست دەبێت، هەتا ژمارەی کەسەکان

## ئاپۆلۆ ئامێرەکان دوو جار خێراتر شەحن دەکاتەوە

پاوەربانکەکان گەلێکن، قەبارە و سایزی و کاراییان جۆراوجۆرە، لەم دواییەدا کۆمپانیاکان هەوڵیانداوە جگە لەوەی پاوەربانکەکان ئامێری زیاتر شەحن بکەنەوە، خێراتریش شەحن بکەنەوە، بۆ نموونە پاوەربانکی Apollo کە دەتوانێت مۆبایلێکی وەك ئایفۆن دوو جار خێراتر لە پاوەربانکی ئاسایی شەحن بکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر پاوەربانکی دیکە مۆبایلێك بە کاتژمێرێك شەحن بکاتەوە ئەو بە نیو کاتژمێر.. ئەوە سەرەتایەکە بۆ بەرهەمهێنانی پاوەربانکی بەهێز و خێرا کە ماوەی شەحنکردن کەم بکەنەوە...



## ـــــى یان کۆداپتەرێک



ئۆتۆمبیل یان پێشەوەی پایسکیل دابندرێ..
کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوە بەکامێرای ناوبراو K4ە و دەتوانێت وێنە بە کوالیتی ١٣ میگاپیکسیلیش وێنە بگرێت.
گەر نیازت هەبێت لە (پیتا) وەك کۆداپتەر سوود وەربگری، ئەوەندەبەسە کە باڵەکانی کە کەوتوونەتە ناو تۆپەکە دەربینی و هەروەها سیستەمی GPS هەر لەوێدایە و بە ئاسانی بە هۆی مۆبایلەوە کۆنترۆڵی بکەی. ماوەی فڕینی (پیتا) ١٥ خولەکە. سیستەمی وای فای هەیە و دەکرێت وەك کامێرایەکی چاودێریش سوودی لێوەربگری..




## ـــــت چات و گفتوگۆ بکە

لە تۆڕەکەدا زیاتر بێت ئەوە پەیوەندییەکە بەهێزتر دەبێت، بەجۆرێك هەموو شارێك دەگرێتەوە.. رەنگە بپرسن ئەی بۆ مەودای دوورتر بەبێ ئینتەرنێت چۆن دەبێت؟ پەیوەندییەکە لەسەرەتادا لە رێگای ئینتەرنێت دەبێت، بەڵام کەسانی دیکە لە رێگای ئەو کەسەی هێڵەکەی هەیە لەگەڵ ئەوانەی دووترن و هێڵیان نییە دادەمەزرێت... بۆ نموونە.. هەڵگورد لە کوردستانە و فایرچت بەکاردێنێ، ئاسۆ لە ئەڵمانیایە ئەویش هەر ئەو پرۆگرامە بەکار دێنێ، ئەو دوانە لە رێگای ئینتەرنێتەوە پەیوەندی دادەمەزرێنن، بەڵام کەسێکی دیکە کە نزیك لە ئاسۆ یان هەڵگورد بێ هاوڕێی هەردووکیان بێ، لە رێگای یەکێك لەوانە پەیوەندییەکە دادەمەزرێنێت و ئەوانی دیکەش هەر لەم رێگایەوە پەیوەندی دادەمەزرێنن... بۆ روونکردنەوەی زیاتر سەیری فیلمی یوتیوب لەسەر بەکارهێنانی Fire Chat بکەن..



## بچووکترین مۆبایلی جیهان

مەودایەك لەنێوان خەیاڵ و راستیدا نەماوە، ئەگەر رۆژێك گوتیان ئەنگوستیلەی پەنجەت کامێرایە و وێنە دەگرێ، یان قەڵەمەکەت مۆبایلە و پەیوەندی پێ وەڵام دەدرێتەوە سەرت سوڕنەمێنێ، چونکە ئەمڕۆش نەبێ سبەی ئەمە روو دەدا، هەروەك لەم رۆژانەدا بچووکترین مۆبایل بەناوی tiny t1 بەرهەم هاتووە. مۆبایلێکی ئەوەندە بچووك بەقەد یەکێك لە پەنجەکانی دەست... بچووکتریش چونکە درێژایی کەمترە لە ٥ سم و پانیشی (٢سم)ە، بارستایی (١سم)ە. کێشی ئەم مۆبایلە ١٣ گرامە.
مۆبایلی ناوبراو دەتوانێت ٣٠٠ ژمارە مۆبایل لەخۆیدا تۆمار بکات. پەیوەندی پێ وەڵام دەدرێتەوە و کورتەپەیامی پێ بەرێ دەکرێت.



# داهێنانی دایکێک بۆ منداڵەکەی

داهێنانەکان بەشێکی زۆری لە ڕێگای پێداویستی گرنگی تاکەکانەوە بەو ئامرازە بووە، بۆ نموونە لەسەرەتادا مۆبایل کامێرای نەبوو، دواتر پیاوێك لە نەخۆشخانە کاتێك هاوسەرەکەی منداڵی دەبێت و بە مۆبایل بەردەوام وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە سەبارەت بە تەندروستی هاوسەرەکەی لێیدەپرسن و بیردەکاتەوە ئەگەر مۆبایلەکە کامێرای هەبا دەکرا هە بە مۆبایلەکە وێنەی گرتبا، ئەمە سەرەتای داهێنانی کامێرای مۆبایل بوو.. یان خانمێکی هیندی ئامێری (Dristee) بۆ منداڵەکەی بەرهەم دێنێ، ئەویش وەك زۆربەی ئەو مەچەکبەندانەی کە بۆ بزرنەبوونی منداڵ و ئاگاداربوونی شوێنی جوگرافی منداڵ داهێنراون..

ئامێری ناوبراو وەك کاتژمێرێکی هۆشمەند دەچێ، دوای ئەوەی کە دایك و باوك شوێنێك لە ڕێگای ئەپلکەیشنی نەخشە (ماپ)ەوە سنوورێك بۆ منداڵەکەیان دیاری دەکەن، هەرکە منداڵەکە لەو سنوورە بچێتە دەر، پەیامێك بۆ دایك و باوکی منداڵە دێت، هەروەها شوێنی دروستی منداڵەکە لە ماپەکە دەکرێ سەیری بکەی. جگە لەوە تەندروستی منداڵەکەش ڕادەگەیەنێ، وەك لێدانی دڵ، گەرمی لەش و جوڵەی نایاسایی و گوماناوی...



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، کێشەیەك لە مۆبایلەکەم دا هەیە ئەویش ئەوەیە پڕە لەناوی دووبارە یان ژمارەی دووبارە ئەگەر دانە دانە پێدابێم بیان سڕمەوە کاتێکی زۆری دەوێت، ئایا ڕێگایەکی ئاسان هەیە بۆ سڕنەوەی ژمارە و ناوە دووبارەکان؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، ڕێگای ئەوەندە ئاسان هەیە هەر بڵێی یەك و دوو کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکات بۆ ئەم مەبەستە دەبێت پرۆگرامی Contacts Optimizer بەکار بێنی، پرۆگرامەکە لە گوگل پلەی وەربگرە، دوای دابەزاندن یەکسەر ناوەکانت بۆ سکان دەکات و هەرچی ناو یان ژمارەیە زیادەیە بۆت دەستنیشان دەکات، سەرپشکت دەکات دەیانخەیە باڵیەك یان دەیانسڕیەوە.. بۆ نموونە ناوێکت هەیە بەناوی (ئەحمەد قادر) بەڵام دوو ژمارەی هەیە و هەردووکیان بەو ناوەیە دەتوانی لەپاڵ یەکیان بخاتەوە و بیانکاتە یەك... هەروەها ناو و ژمارە زیادەکانیش دەسڕێتەوە..



## مینی کۆمپیوتەرێک کارایی کۆمپیوتەریکی مەزن

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا هەوڵدەدرێ گۆڕانکاری لە کارایی و بارستایی ئامێرە تەکنەلۆژییەکاندا بکرێ، ئیدی باوی ئەوە نەماوە و کام ئامراز قورستر یان زەبەلاحتر بێت ئەوەیان باشترە.. ئێستا ئامێری بچووك بە کارایی زۆر بەرهەم دێت کە هەمان کارایی ئامێرە زەبەلاحەکانیان هەبێت، بۆ نموونە مینی کۆمپیوتەرەکان کە شوێنی دیسکتۆپە گەورەکانیان گرتۆتەوە..

مینی کۆمپیوتەری VivoMini VC66 کە بەرهەمی کۆمپانیای ASUSە قەوارەکەی بچووکە. بەڵام خێرایی و کارایی بەهێزە. پرۆسیسەرەکەی لە جۆری intel core i5-٧٤٠٠ـە. هاردەکەی ١ ترابایتە. رامەکەی ٤ گیگابایتە. درایڤیکی چەندکارەی ODD-DVD لەسەر داندراوە کە کۆمپیوتەرە بچووەکان ئەوەیان نییە. نیشاندانی k4ـە. کۆمپیوتەری ناوبراو دەکرێت وەك کۆمپیوتەرێکی دیسکتۆپی بەهێز بەکار بێت و گشت کارەکانی ئەو ئەنجا بدات بەبێ ئەوەی شوێنێکی زۆر بگرێت و وزەیەکی زۆری پێویست بێت..



# چاویلکەی هۆشمەندی سیحری

ساڵی رابردوو باس لە چاویلکەیەکی سیحری بەناوی (magic leap) دەکرا، چاویلکەیەك کە تێکەڵاوێکە لە راستی و خەیاڵ و لە راستیدا وەك سیحر دەچێت.

چاویلکەی (ماجیك لاپ) پێکهاتووە لە چەندین هەستەوەری گرنگ کە پێکەوە ئەرکێك ئەنجام دەدەن، چاویلکەیەکە کۆنترۆڵێکی بێ وایەری لەگەڵدایە. یەکێك لە کارەکانی چاویلکەکە ئەوەیە کە گرافیکەکانی کۆمپیوتەری ئاوێتەی جیهانی واقیعی دەکات، بۆ نموونە دەتوانێت بوونەوەرێکی ئەفسانەیی بێ ئەوەی کە بوونی هەبێت لەسەر مێزی نانخواردنەکەت ئامادەبێت و نانت لەگەڵ بخوات.. یان کاتێك لەگەڵ هاورێیەکت بەرێگادا دەرۆی کەسێکی دیکەش پیاسەتان لەگەڵ بکات بێ ئەوەی کە بوونی هەبێت..

بەشێکی دیکە لەکارەکانی چاویلکەکە، گەڕان لە ئینتەرنێت، کردنەوەی چەندین مۆنیتۆری و تەلەڤزیۆن بە شێوەی مەجازی.



## سایتێک بێ نیازت دەکا لە تایب کردن

تایب کردن و پیت چنین نە تەنیا ئەرکێکی دژوارە بەڵکو هونەریشە، تۆ دەبێ بۆ ئەوەی تایبیستێکی سەرکەوتوو بی بە دە پەنجە کار بکەی و بێ ئەوەی سەیری کیبۆرد بکەی.. ئێستا ماڵپەڕی Speechtex-ter ئەو ئەرکەت بە تەواوی لە کۆڵ نەداتەوە و هەموو کەس تایبیستێکی سەرکەوتووە.

هەرکە سایتەکە دەکەیەوە زمانی مەبەستی خۆت هەڵدەبژێری، کە بەداخەوە کوردی تێدا نییە، بەڵام زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و زۆربەی زۆری زمانەکانی جیهانی تێدایە.. بە دەنگی خۆت بخوێنەوە و دەنگەکەی تۆ دەبێتە دەق.. ئەم سایتە بۆ مۆبایل و سیستەمی ئەندرۆید ئەپێکی تایبەتی هەیە و دەتوانی لە رێگای ئەپەکەوە بە دەنگ تایب بکەی..



# کامێرایەکی بچووک بۆ کاتە هەستیارەکان

کامێرا بچووکەکان، ئەوانەی کەم شوێن دەگرن و بۆ کاتی هەستیار سوودیان لێوەردەگیردرێ گەلێك بەرهەم هاتوون، کامێرای (caply)یش یەکێکە لەوانە. کامێرای ناوبراو ئەگەرچی زۆر بچووکە، بەڵام دەکرێت هەتا ٥ کاتژمێر فیلم هەڵبگرێتەوە، جگە لەوەش هەستیارە بە دەنگ و دەکرێت لە رێگای دەنگەوە فەرمانی پێبکەی. میمۆری (کەپلی) ١٢٨ گیگابایتە، ئەمەش بۆ کامێرایەکی وا بچووك زۆر گونجاوە. مەودای دیدی کامێرای ناوبراو ١٤٠ پلەیە.

(کەپلی) گیرەیەکی تایبەتی پێوەیە دەکرێت بە جلوبەرگ، بە جانتا، هەڵبواسرێ.. ئەوانەی کە پایسکل لێدەخوڕن دەکرێت لە سوکانی پایسکلەکەی بخەن و لەکاتی رۆیشتندا فیلم لە جۆری رۆیشتنەکەیان هەڵبگرنەوە..